# ناتەبایی ژینمەندی کوردیی ناوەڕاست لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا

ئیرەج (ئاوات) ئەحمەدی (*)
(سنە)

**پوختە**

تیۆری ژینمەندی ئێتنیکی- زمانی (Giles et al., 1977) دەڵێت کە مانەوەی زمانێک بە فاکتۆرگەلێک وەکوو پێگەی کۆمەڵایەتی گرێ دراوە، جەماوەر و پاڵپشتی دامەزراوەیی، بەتایبەت لە بوارگەلێک وەکوو فێرکاری، میدیا و کارگێڕی زمان، هەرچەندە زاری کوردی سۆرانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، هیچ پاڵپشتێکی دامەزراوەیی نەبووە (بەشێوەی فەرمی و حکوومی) و سەرکوتیش کراوە، بەڵام توانیویەتی لە ئاستێکی باشدا خۆی ڕابگرێت و لە ناو نەچێت.

ئەم بارودۆخە لە نێوان ژینمەندی چاوەکی و زەینی پارادۆکسێک سازدەکات: لە لایەکەوە، فاکتۆرگەلی پێکهاتەیی و دامەزراوەیی لە ئاستێکی خواردان؛ لە لایەکی ترەوە هەستی پێوەندیی زمانی، ڕوانگەی ئەرێنی و سەرمایەی هێمایی و سۆزیار بە زمان، زمانیان کردووە بە فاکتۆرێکی ناوەندی شوناسی گرووپی.

ئەم وتارە بە ئامانجی لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم پارادۆکسە و وەڵامدانەوە بەم پرسیارە کە «چۆن کوردیی سۆرانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێ پاڵپشتی دامەزراوەیی توانیویەتی خۆڕاگر بێت و لەناو نەچێت؟»، چوارچێوەیەکی تێکەڵکراو دەخاتە بەردەست کە تیۆری ژینمەندی ئێتنیکی - زمانی بە تیۆری شوناسی کۆمەڵایەتییەوە گرێ دەدات (Tajfel & Turner, 1979). بەرەنجامەکان پیشان دەدەن کە شوناسی نەتەوەیی- زمانی و سەرمایەی هێمایی و سۆزیاری بە زمان گرێدراو، ڕۆڵێکی قەرەبووکەرەوە دەگێڕێت؛ بە شێوەیەک کە تا ڕادەیەک بووەتە جێگری پاڵپشتی دامەزراوەیی و گواستنەوەی نێوان بەرەیی، واتە بەردەوام بوونی زمان، بەرهەمی ئاڵوگۆڕی دوولایەنە لە نێوان پێکهاتەگەلی دامەزراوەیی بەرتەسک و ڕەوتگەلی شوناسسازی بەکۆمەڵ.

ئەم لێکۆڵینەوەیە جەخت دەکاتە سەر گرینگایەتی دووبارە پێناسەکردنەوەی چەمکی ژینمەندی زمانی و ئەوە پیشان دەدات کە ژینمەندی تەنیا بە فاکتۆرگەلی چاوەکی بەرتەسک نییە، بەڵکوو

لایەنی تێگەیشتن، هێمایی و شوناسیش ڕۆڵێکی سەرەکییان هەیە. لە ڕوانگەیەکی پراگماتیکەوە، ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیە پیشاندەری ڕوانگەیەکی چەند لایەنەیە لە سیاسەتداڕێژی و فێرکاریی زمانی کەمینەکان کە هەم پاڵپشتی دامەزراوەیی و هەم بەهێزکردنی سەرمایەی هێمایی و فەرهەنگی کۆمەڵگەی زمانیی لە بەرچاو دەگرێت. مۆدێلی دوولایەنەی شوناس- ژینمەندی پیشاندراو لە ئەم وتارەدا، لە یەک لاوە چوارچێوەیەکی تیۆری بۆ شرۆڤەی بەردەوامبوونی ئەو زمانانە بەدی دەهێنێت کە پاڵپشتی دامەزراوەیی بەهێز لە پشتیانەوە نییە و لە لایەکی ترەوە ڕێگەی سیاسەتداڕێژی زمانی بەرەو ڕاگری بەردەوام لە جۆراوجۆری زمانی و فەرهەنگی پێک دەهێنێت.

**کلیل وشەکان:** تیۆری ژینمەندی ئێتنیکی-زمانی، تیۆری شوناسی کۆمەڵایەتی، زاری سۆرانی، پاڵپشتی دامەزراوەیی، شوناسی نەتەوەیی- زمانی.

## پێشەکی

زمانی کوردی وەکوو زمانێکی باکووری- ڕۆژئاوایی زمانە ئێرانییەکان پۆلێنبەندی دەکرێت (Windfuhr, 1989)، زمانی جەماوەرێکە کە لە درێژەی مێژوودا لە پانتاییەکی جوگرافی بە ناوی کوردستان و لە چوار وڵاتی، ئێران، عێراق، تورکیا و سووریا دەژین. ئەم زمانە پاش دروستبوونی سنوورە سیاسییەکان و پاش یەکەمین شەڕی جیهانی (١٩١٤- ١٩١٨)، بەسەر چوار بەشدا دابەش بوو و لە ئەو کاتەوە هەتا ئێستا، هەر کام لەم بەشگەلە ڕووبەڕووی سیاسەتگەلی زمانی جیاواز بوونەتەوە (Haig & Matras, 2002; Hasanpour, 1992). ئەم پۆلێنبەندییە سیاسییە لەلایەکەوە یەکدەستی جوگرافی کۆمەڵگەی کوردی تێک دا و لە لایەکی ترەوە زمانی کوردی لە چاو ئەو زمانانەی کە لە لایەن دەسەڵاتی ناوەندییەوە پاڵپشتی دەکران، خستە دۆخێکی ژێردەست.

سیاسەتی سەرەکی ئەم دەوڵەتگەلە کە بەپێی یەکدەستکردنی زمانی و فەرهەنگی بوو، زمانی کوردی لە بەستێنە فەرمییەکاندا خستە پەراوێزەوە. ئاکامی ئەم ڕوانگەیە ئەمە بوو کە زمانی کوردی لە درێژەی سەدەی بیستەمدا، لە بوارگەلێک وەکوو فێرکاری، میدیا و کاردانەوەی فەرمی، ڕووبەڕووی بەرتەسکیگەلێکی زۆر بووەوە. وەها بارودۆخێک، بوو بە هۆی ئەوەی کە زۆربەی زارەکانی زمانی کوردی لە چوارچێوەی زمانە مەترسی لەسەرەکان (١) پۆلێنبەندی بکرێت (بڕوانن بۆ. UNESCO , ٢٠١٠)؛ چوارچێوەیەک کە جەخت دەکاتە سەر کاریگەری فاکتۆرە کۆمەڵایەتی، سیاسی و دامەزراوەییەکان لەسەر بەردەوام بوون، یان لە ناوچوونی زمانەکان. لە زمانناسی کۆمەڵایەتیدا، چەمکی «ژینمەندی زمانی» (٢) وەکوو یەکێک لە گرینگترین فاکتۆرگەلی هەڵسەنگاندنی دۆخی زمانەکان ئاماژەی پێ دراوە و جەخت دەکاتە سەر توانایی زمانێک لە ڕاگرتنی ئەرکی پێوەندی، گواستنەوەی نێوان بەرەیی (٣) و حازر بوون لە بوارە کۆمەڵایەتییەکاندا.

بە لەبەرچاو گرتنی ئەم بارودۆخە، دۆخی زمانی کوردی لەم بوارەدا، بە نموونەیەکی تایبەت دێتە ئەژمار. لە یەک لاوە، ئەم زمانە لە زۆربەی وڵاتەکاندا (ئێران، عێراق، تورکیا و سووریا) هیچ پاڵپشتییەکی دامەزراوەیی نەبووە و لە ژێر گوشاری سیاسەتگەلی زمانی ناوەندخوازانەدا بووە؛ لە لایەکی ترەوە زمانی کوردی بەردەوام یەکێک لە فاکتۆرە سەرەکییەکانی پێناسەی شوناسی کوردەکان ماوەتەوە (Sheyho-

(Islami, 2008). بە گوتەی ڤەن برۆینسن (2000a)، پێکهاتنی نەتەوەخوازی کوردی تا ڕادەیەکی زۆر دژەکردەوەیەک بوو بە پلانگەلی نەتەوەسازی دەوڵەتگەلی تورک، عەرەب و ئێرانی کە ئامانجیان ئاسمیلەکردنی (لەناوبردنی) کەمینەکان بوو (Vali, 1998, 2003). لە ئەم پرۆسەیەدا، شوناسی کوردی زۆرتر لە دژایەتی لەگەڵ «ئەویدی نەتەوەیی» پێک هات و زمان بوو بە گرینگترین هێمای جیاوازی ئەم ئەویدییە.

بۆ نموونە کۆمەڵگەی کوردی لە ڕوانگەی ئایینییەوە فرەچەشنە، بە شێوەیەک کە ئایینگەلێکی جۆراوجۆر وەکوو سوننە، شیعە، یارسان، عەلەوی، ئێزدی، مەسیحی و تاد لە کوردستاندا هەن (Kreyenbroek & Allison, 1996; O'Shea, 2004)، بەڵام ئەم فرەچەشنییە ئایینییە هیچ کات وەکوو زمان ڕۆڵێکی دابینکەریان لە پێناسەی «کوردبوون»دا نەگێڕاوە و ئایین فاکتۆرێکی گرینگ نەبووە بۆ جیاکردنەوەی شوناسی کورد لە وڵاتانی دەوروبەر، چونکە زۆربەی کوردان لە ڕووی ئایینییەوە سەر بە چوارچێوی ئایینی ناوچەکەن، هەروەها لە لایەن دەوڵەتگەلی زاڵ، پۆشاک، یان فەرهەنگی کوردی وەکوو زمان، قەدەغە نەکراوە.

ئەم بارودۆخە، پارادۆکسێکی بنەڕەتی لە زانستی ژینمەندی زمانی کوردی دەردەخات: لە لایەک، نەزۆکی پاڵپشتی دامەزراوەیی و بەرتەسکە سیاسییەکان و لە لایەکی تریشەوە، بەردەوامی و کرداری شوناسیی بەهێزی ئەم زمانە. ئەم پارادۆکسە، بەتایبەتی لەبارەی زاری سۆرانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، بەرچاوە؛ شوێنێک کە لە چاو نەبوونی پاڵپشتیی فەرمی بۆ فێرکاریی زمانی کوردی، ژینمەندی ئەم زارە هێشتا لە ئاستێکی باشدایە.

ژینمەندی زمان زۆرتر دەپەرژێتە سەر فاکتۆرگەلی پێکهاتەیی و دامەزراوەیی. لە چوارچێوەی تیۆری ژینمەندی ئێتنیکی- زمانی، (٤) بەردەوام بوونی زمانێک، پێوەندی بە سێ فاکتۆری سەرەکی هەیە: جەماوەر، (٥) دۆخ (٦) و پاڵپشتی دامەزراوەیی (٧) (Giles et al., 1977). بەپێی ئەم ڕوانگەیە، تەنگژەی پاڵپشتی دامەزراوەیی، بەتایبەت لە بواری فێرکاریدا، زۆرجار دەبێتە هۆی دابەزینی ژینمەندی زمانێک.

لێکۆڵینەوەگەلێکی زۆر کەم جەختیان کردووەتە سەر لێکدانەوەی هاوکاتی لایەنە چاوەکی (٨) و زەینییەکانی (٩) ژینمەندی زمانی کوردی. بە تایبەتی، پێوەندی نێوان شوناسی زمانی و بەردەوامبوونی زمان لە چوارچێوەیەکی تیۆریک و لێکدانەوەییدا بە شێوەیەکی سیستماتیک زۆر کەم خراوەتە بەرباس. هەر بەم بۆنەیەوە، یەکێک لە کەلێنگەلی بنەڕەتی لە پێشینەی لێکۆڵینەوەی ئەم بوارەدا، تەنگژەی ڕوانگەیەکە کە بتوانێت تاووتووی دوولایەنەی نێوان ژینمەندی زمانی و شوناسی کۆمەڵایەتی شرۆڤە بکات؛ تاووتوویەک کە دیارە لەبارەی زمانی کوردییەوە ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە.

ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵ دەدات بۆ تێکەڵاوکردنی دوو نەریتی تیۆریی گرینگ، واتا تیۆری ژینمەندی ئێتنیکی- زمانی و تیۆری شوناسی کۆمەڵایەتی، (١٠)، هەروەها ئەم بۆشاییە تیۆریکە بخاتە ژێر باس کە بتوانێت هاوکات لایەنگەلی پێکهاتەیی و فامی ژینمەندی زمان ڕوون بکاتەوە و وەڵامی ئەم پرسیارەش بداتەوە کە: «چۆن کوردی سۆرانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێ پاڵپشتی دامەزراوەیی توانیویەتی خۆڕاگر بێت و لەناو نەچێت؟»، هەروەها نوێگەری ئەم لێکۆڵینەوەیە، ناساندنی

چەمکی «پێوەندی دوولایەنە و قەرەبووکەری» نێوان شوناسی زمانی و ژینمەندییە. بەپێی ئەم ڕوانگەیە، لە بارودۆخێکدا کە زمانێک بێ بەشە لە پاڵپشتی دامەزراوەیی، «شوناسی کۆمەڵایەتی» (١١) و «ئەویدی زمانی» (١٢) دەتوانێت ڕۆڵێکی قەرەبووکەرەوە پیشان بدات و وەکوو هێزێکی کۆمەڵایەتی ڕەوتی گواستنەوە و بەردەوامبوونی زمانێک بەهێز بکات.

## چوارچێوەی تیۆریک

چەمکی «ژینمەندی زمانی» لە زمانناسی کۆمەڵایەتیدا ئاماژە بە ڕادەی توانایی زمانێک دەکات بۆ مانەوە، بەردەوامی پراگماتیک لە نێو کۆمەڵگە و گواستنەوەی نێوان بەرەیی لە کۆمەڵگەیەکی زمانیدا. ئەم چەمکە بە شێوەیەکی سیستماتیک لە چوارچێوەی تیۆری ژینمەندی ئێتنیکی- زمانی، یەکەم جار لە لایەن گایڵز، بووریس و تەیلۆرەوە فۆرمی پێ درا (Giles et al., 1977). بەپێی ئەم تیۆرییە، ژینمەندی گرووپێکی زمانی (١٣) پەیرەوی دەکات لە «هێزی کۆمەڵایەتی» ئەو زمانە لە ڕاگرتن و بەرهەمهێنانەوەی خۆی وەکوو یەکینەیەکی جیاوازی کۆمەڵایەتی.

گایڵز و هاوکارەکانی ئاماژە بە سێ فاکتۆری سەرەکی دەدەن بۆ هەڵسەنگاندنی ژینمەندی زمانێک: دۆخ، جەماوەر و پاڵپشتی دامەزراوەیی. فاکتۆری دۆخ، ئاوڕ لە پێگەی کۆمەڵایەتی، ئابووری و هێمایی زمان و گرووپی زمانی لە کۆمەڵگەدا دەداتەوە؛ واتا هەر ئەندازە زمان پرێستیژی کۆمەڵایەتی لەسەرەوە بێت، ئەگەری بەردەوامبوونی زۆرترە. فاکتۆری جەماوەری بریتییە لە قەبارەی ژمارەی ئاخێوەران، چڕیتی جوگرافی و مۆدێلگەلی پەرشوبڵاویان، کە کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر گواستنەوەی نێوان بەرەیی هەیە. فاکتۆری سێیەم، واتا پاڵپشتی دامەزراوەیی، دەگەڕێتەوە بۆ چۆنیەتی حازربوونی زمان لە دامەزراوە فەرمییەکان وەکوو فێرکاریی فەرمی، میدیا، حکوومەت و سیستمی ئیداری و لە بەستێنی ژینمەندی زماندا، گرینگترین فاکتۆری پێکهاتەیی لە مانەوەی زمانێکدا دێتە ئەژمار (Giles et al., 1977; Bourhis et al., 1981). بەپێی ئەم چوارچێوە تیۆرییە، ئەو زمانانەی کە پاڵپشتی دامەزراوەیی چڕوپڕیان نییە، زۆرجار بەرەبەرە بەرەو نەزۆکبوون هەنگاو هەڵدەگرن و ئەگەر ئەم دۆخە درێژخایەن بێت، ڕەنگە بچنە نێو چەرخەی لەناوچوونی زمانی. (١٤) هەر بەم بۆنەیەوە، تەنگژەی فێرکاریی فەرمی بە زمانی دایکی وەکوو یەکێک لە گرینگترین هەڕەشەکانی ژینمەندی زمانەکان دەناسرێت (Fishman, 1991; UNESCO, 2010).

ئەو لێکۆڵینەوانەی لەسەر زمانی کوردی کراون، ئەوە پیشان دەدەن کە ئەم چوارچێوەیە لە شرۆڤەی چڕوپڕی دۆخی بڕێک لە جۆرە زمانییەکانی زمانی کوردی، بە تایبەتی سۆرانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، ڕووبەڕووی بڕێک بەربەستە، هەرچەندە زمانی کوردی بە گشتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هیچ پاڵپشتییەکی فەرمی نییە (Hasanpour, 1991; Sheyholislami, 2008)، بەڵام زاری سۆرانی هێشتا لە ئاستێکی بەرزی بەردەوامی و خۆڕاگری کۆمەڵایەتیدایە. ئەم بارودۆخە، ئەوەمان پیشان دەدات کە پێویستە پێداچوونەوەیەکی دیکە بۆ فاکتۆرگەلی ناپێکهاتەیی لە تیۆری ژینمەندی ئێتنیکی- زمانیدا بکرێت.

دواتر و لە پرۆسەی پەرەپێدان بە تیۆری

ژینمەندی ئێتنیکی- زمانی، لێکۆڵەران جەختیان لە جیاوازی نێوان «ژینمەندی چاوەکی» کردەوە (١٥) و «ژینمەندی زەینی». (١٦) ژینمەندی چاوەکی ئاماژە بە فاکتۆرگەلێکی بەرچاو دەکات وەکوو ژمارەی ئاخێوەران، بەشداریی دامەزراوەیی و پراگماتیک لە نێوان کۆمەڵگەدا، لە حاڵێکدا ژینمەندی زەینی دەگەڕێتەوە بۆ بۆچوون و ڕوانگەی ئەندامانی گرووپی زمانی سەبارەت بە هێز، پێگە و داهاتووی زمانەکەی خۆی (Bourhis et al., 1981; Harwood et al., 1994).

ئەم جیاوازییە ئەوە نیشان دەدات کە مانەوەی زمانێک تەنیا بۆ بارودۆخی پێکهاتەیی ناگەڕێتەوە، بەڵکوو پێوەندی بە ڕادەی باوەڕ و دەرەوەستی ئەندامانی گرووپی زمانیش هەیە.

ڕاستییەکەی، ئەگەر ئەندامانی کۆمەڵگەیەکی زمانی، زمانەکەی خۆیان وەکوو هێمایەک لە شوناسی کۆمەڵایەتی و سەرچاوەیەکی بەنرخ بناسن، ئەگەری گواستنەوە و بەردەوامبوونی ئەو زمانە تا ڕادەیەکی زۆر، دەچێتە سەرەوە، تەنانەت لە بارودۆخێکدا کە پاڵپشتی دامەزراوەیی لە پشتی ئەو زمانەدا نەبێت. هەر بەم بۆنەیەوە، هەندێک لە لێکۆڵەران ژینمەندیی زەینی وەکوو «هێزی جووڵێنەری شاراوە» (١٧) لە خۆڕاگری زمانە بێ پاڵپشتەکان پێناسە دەکەن (Landry & Allard, 1992).

لەبارەی زمانی کوردییەوە، ئەم جیاوازییە زۆر گرینگە، ئەگەرچی فاکتۆرگەلی چاوەکی ژینمەندی لە زۆربەی شوێنەکاندا پیشاندەری نەبوونی پاڵپشتی دامەزراوەییە، بەڵام ئاستی بەرزی زانستی شوناسی و ڕوانگەی ئەرێنی سەبارەت بە زمان وەکوو فاکتۆرێکی گرینگ بۆ ڕاگرتنی زمانی کوردی ڕۆڵی گێڕاوە (Sheyholislami, 2008). ئەم بارودۆخە نیشان دەدات کە ژینمەندی زەینی دەتوانێت لە برێک شوێندا لە بەرانبەرێتی نەزۆکی ژینمەندی چاوەکیدا، ڕۆڵی قەرەبووکەر بگێڕێت.

بۆ ڕوونکردنەوەی ڕۆڵی فاکتۆرە فامی و شوناسییەکان لە ژینمەندی زمانەکاندا، تیۆری شوناسی کۆمەڵایەتی، چوارچێوەیەکی تیۆریک بەدی دەهێنێت. ئەم تیۆرییە کە لە لایەن تاجفێل و تورنێرەوە پەرەی پێ درا، لەسەر ئەم بۆچوونە وەستاوە کە تا ڕادەیەکی زۆر تاکەکان شوناسی خۆیان لە ئەندامێتی لە گرووپە کۆمەڵایەتییەکان بەرهەم دەهێنن و لە هەڵسوکەوتە کۆمەڵایەتییەکاندا بەردەوام جیاوازی لە نێوان «ناو گرووپ» (١٨) و «دەرەوەی گرووپ» دادەنێن (١٩) (Tajfel & Turner, 1979; Turner et al., 1987). بەپێی ئەم تیۆرییە، کاتێک کە گرووپێک هەست بە هەڕەشەلێکردن، یان نابەرابەری سەبارەت بە گرووپێکی دیکە بکات، ئەندامانی ئەو گرووپە مەیلێکی زۆرتر بە بەهێزکردنی شوناسی گرووپی خۆی نیشان دەدات. ئەم ڕەوتە دەتوانێت لە ڕێگەی زەقکردنەوەی هێماکانی شوناس، وەکوو زمان، فەرهەنگ و مێژووی هاوبەش بەدی بێت. لە ئەم چوارچێوەیەدا، زمان یەکێک لە گرینگترین نیشانەگەلی سنووربەندی کۆمەڵایەتی و جیاوازی شوناس دێتە ئەژمار.

سەبارەت بە کۆمەڵگە چەندزمانەکان، (٢٠) لێکۆڵینەوەکان نیشان دەدەن کە زمان زۆرجار وەکوو هێمایەکی ناوەندی لە پێکهاتنی شوناسی ئێتنیکی ڕۆڵ دەگێڕێت (Edwards, 2009). لەبارەی کوردەکانیش، زمان وەکوو سەرەکیترین فاکتۆری پێناسەکەری شوناسی کۆمەڵایەتی ناسراوە (Sheyholislami, 2008)، بەتایبەتی لە بارودۆخێکدا کە سیاسەتگەلی دەوڵەتی ناوەندی بووەتە

هۆی بەرتەسککردنی زمانی کوردی، ئەم زمانە بووەتە هێمای خۆڕاگری، جیاوازی و یەکدەستی (Van Bruinessen, 2000a; Vali, 1998). لە ڕوانگەی تیۆریی شوناسی کۆمەڵایەتی، لە وەها بارودۆخێکدا دەبێتە هۆی بەهێز بوونی یەکگرتوویی ناو گرووپی و بەرزبوونەوەی دەروەستی سەبارەت بە ڕاگرتنی هێماگەلی شوناس. لە ئاکامدا زمان نە تەنیا ئامێری پێوەندی، بەڵکوو سەرمایەیەکی هێمایی و سۆزیارییە بۆ بەرهەمهێنانەوەی شوناسی کۆمەڵایەتی.

بەپێی چوارچێوەیەک کە ئەم وتارە دەیخاتە بەردەست، پێوەندییەکی دوولایەنە لە نێوان شوناسی زمانی و ژینمەندی زمان هەیە: لە یەک لاوە، هەرئەندازە ئاستی پراگماتیکی کۆمەڵایەتی زمانێک بەرزتر بێت، شوناسی کۆمەڵایەتی بەهێزتر دەبێت؛ لە لایەکی ترەوە، شوناسی بەهێز دەتوانێت یارمەتیدەری خۆڕاگری و بەرهەمهێنانەوەی زمان بێت. ئەم ئاڵوگۆڕە لە بارودۆخێکدا گرینگ دەبێتەوە کە پاڵپشتی دامەزراوەیی بەرتەسک بێت. لە وەها بارودۆخێکدا، میکانیزمی قەرەبووکەر چالاک دەبێتەوە کە لە وەها بەستێنێکدا شوناسی کۆمەڵایەتی و سەرمایەی هێمایی و سۆزیاری گرووپ، ڕۆڵی بەدیلێکی ڕێژەیی بۆ پاڵپشتی دامەزراوەیی دەگێڕێت. ئەم میکانیزمە لە ڕێگەی بەرزبوونەوەی بەکارهێنانی ناو گرووپی زمان، بەهێزکردنی ڕوانگەگەلی ئەرێنی و زەقکردنەوەی ڕۆڵی زمان وەکوو هێمای شوناس هەڵسوکەوت دەکات.

## شیکاری

لە ڕوانگەی فاکتۆرگەلی کلاسیکی تیۆری ژینمەندی ئێتنیکی- زمانی، دۆخی چاوەکی زمانی کوردی بەگشتی و زاری سۆرانی بەتایبەتی، ڕووبەڕووی بەرتەسکییەکی پێکهاتەیی بەرچاو بووەتەوە. گرینگترین فاکتۆر لە ئەم بوارەدا، نەزۆکی پاڵپشتی دامەزراوەیی بووە. لە ئێران، زمانی فارسی تەنیا زمانی فەرمییە و باقی زمانەکان، وەکوو کوردی، هیچ پاڵپشتییەکی دامەزراوەییان لە سیستمی فێرکاری، سیستمی ئیداری و میدیادا نییە.

لە لایەکی ترەوە، بەهێزبوونی ژینمەندی زەینی لە لای ئاخێوەرانی سۆرانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە ئاستێکی بەرزدایە. یەکێک لە گرینگترین نیشانەکانی ئەم بارودۆخە، هەستێکی بەهێزە بە زمان لە نێوان ئەندامانی کۆمەڵگەی زمانی. شێخولئیسلامی (٢٠٠٨) جەخت دەکاتە سەر ئەم خاڵە و دەڵێت: «زمانی کوردی، نە تەنیا ئامرازێکی پێوەندی، بەڵکوو وەکوو هێمای سەرەکی شوناسی ئێتنیکی و نەتەوایەتی ڕۆڵ دەگێڕێت». ئەم هەستە لە بەستێنێکی مێژووییدا دروست بووە، بە تایبەتی لە بارودۆخێکدا کە سیاسەتگەلی دەوڵەتی ناوەندی سڕینەوەی زمانی کوردی بووە. ڕوانگەی ئەرێنی سەبارەت بە زمانیش یەکێکی تر لە فاکتۆرگەلی گرینگی ژینمەندی زەینییە. لە زۆربەی ناوچە سۆرانییەکان، زمانی کوردی پێوەندی لەگەڵ بەهاگەلێکی هێمایی وەکوو ڕەسەنایەتی، خۆڕاگری و دڵبەستراوەیی ئێتنیکی هەیە. ئەم ڕوانگە ئەرێنییە بووەتە هۆی ئەوەی کە باکارهێنانی زمان لە شوێنگەلێکی نافەرمی وەکوو بنەماڵە، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، ئەدەبی زارەکی و میدیا ناوخۆییەکان بەردەام بێت. لە وەها کەشوهەوایەکدا دیارە کە ژینمەندی زەینی زمانی کوردی، بەبوونی نەزۆکی پێکهاتیشەوە، ڕۆڵێکی گرینگ لە مانەوەی کردە کۆمەڵایەتییەکان و گواستنەوەی نێوان بەرەیی

زمانی کوردی بگێڕێت.

**نەبوونی پاڵپشتی دامەزراوەیی ⇄ ژینمەندی زەینی (شوناسی) بەهێز**

ئەم مۆدێلە ئەوەمان نیشان دەدات کە ناکرێت بەردەوامبوونی زمانی کوردی سۆرانی لە ئێران، تەنیا بەپێی فاکتۆرگەلی کلاسیکی ژینمەندی ئێتنیکی - زمانی ڕوون بکرێتەوە. لێرەدا شوناسی زمانی سەبارەت بە پێگەی خوارتری دامەزراوەیی خۆی، کاردانەوەی هەیە و بووەتە میکانیزمێکی قەرەبوویی کە بەشێک لە بۆشاییە پێکهاتەییەکانی پڕ کردووەتەوە و یارمەتیدەری بەردەوامبوونی سۆرانی بووە. ئەم دۆخە نیشان دەدات کە ژینمەندی زمانی دیاردەیەکی چەند لایەنەیە و بەرهەمی هەڵسوکەوتی فاکتۆرە پێکهاتییەکانە، لەگەڵ ڕەوتی شوناسساز و بێ لەبەرچاو گرتنی میکانیزمی «ئەویدی زمانی» و ڕۆڵی ئەم میکانیزمە لە گۆڕینی زمان بۆ هێمای بەرخۆدان و جیاوازی، ناکرێت بەردەوامبوونی زمانگەلێک وەکوو کوردی و لێرەدا زاری سۆرانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە بارودۆخی گوشاری سیاسیدا بە شێوەیەکی چڕوپڕ شی بکرێتەوە.

**نەبوونی پاڵپشتی دامەزراوەیی ← بەهێز کردنی شوناس ← ڕاگرتنی گواستنەوەی نێوان بەرەیی**

## ئاکامبەندی

ئەم لێکۆڵینەوەیە پیشانی دا کە بارودۆخی کوردی سۆرانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا نموونەیەکی بەرچاوە لە کەلێنی نێوان ژینمەندی چاوەکی و ژینمەندی زەینی. لە ڕوانگەی فاکتۆرگەلی کلاسیکی ژینمەندی ئێتنیکی- زمانی، ئەم زارە بە شێوەی جددی لە تەنگانەدایە: نەبوونی پێگەی فەرمی، نەبوونی فێرکاریی دامەزراوەیی و زاڵبوونی زمانی فارسی لە بەستێنە فەرمییەکاندا. بەم حاڵەشەوە، سۆرانی هێشتاش بە شێوەیەکی چالاکانە لە نێوان بەرەکاندا دەگوازێتەوە و خاوەنی پێگەیەکی بەرزە لە بەستێنی فەرهەنگی - زمانی کوردە سۆرانییەکاندا و ڕۆڵێکی بەرچاو لە شاندنەوەی شوناسی کۆمەڵایەتیدا دەگێڕێت. ئەم هاوکاتبوونەی تەنگژەی پاڵپشتی دامەزراوەییە لەگەڵ خۆڕاگری کۆمەڵایەتیدا، پارادۆکسێک ڕوون دەکاتەوە کە چوارچێوەکانی کلاسیکی تیۆری ژینمەندی ئێتنیکی- زمانی ناتوانن شرۆڤەی بکەن.

شیکاریی تێکەڵکراوی تیۆری ژینمەندی ئێتنیکی- زمانی و تیۆری شوناسی کۆمەڵایەتی نیشان دەدات کە لە بەستێنی سیاسەتگەلی هاوچەشنخواز و ئەویدی سازی زمانی، زاری کوردی سۆرانی لە نێوان ئاخێوەرەکانیدا بووەتە گرینگترین نیشانەی جیاوازی شوناسی. لە وەها بارودۆخێکدا، شوناسی زمانی و سەرمایەی هێمایی، سۆزداری و ئیدیۆلۆژیکی دەوروبەری، ڕۆڵێکی قەرەبووکەریان گرتووەتە خۆ و بەشێک لە ئەو بۆشاییەی پڕ کردووەتەوە کە بە هۆی نەبوونی پاڵپشتی دامەزراوەیی دروست بووە،. بە واتایەکی تر، گوشارە پێکهاتەییەکان نە تەنیا نەبووەتە هۆی لە ناوچوونی سۆرانی، بەڵکوو لە ڕێگەی بەهێزکردنی یەکدەستی ناو گرووپی و زەقبوونی بایەخی هێمایی زمان، بوونەتە یارمەتیدەری بەردەوامبوونی سۆرانی.

لە ڕوانگەی تیۆریکەوە، بەرەنجامی ئەم شێوە بوونە، پێویستی پێناساندنەوەی دووبارەی چەمکی ژینمەندی زمانی زەق دەکاتەوە. دەبێت ژینمەندی وەکوو دیاردەیەکی چەند لایەنە فام بکرێت کە لە هەڵسوکەوت لە نێوان فاکتۆرە پێکهاتەییەکان و ڕەوتی شوناسسازیدا بەدی

دێت. بە پێی ئەمە، مۆدێلی دوولایەنەی شوناس – ژینمەندی کە لە ئەم لێکۆڵینەوەیەدا خرایە بەر باس، ئەوە نیشان دەدات کە پێوەندی نێوان زمان و شوناس، نەک پێوەندییەکی تاک ڕەهەندی، بەڵکوو بەرانبەرییە. ژینمەندی زمان یارمەتیدەری شوناسی کۆمەڵایەتییە و شوناسیش وەکوو هێزێکی بزوێنەرە بۆ مانەوەی زمان.

لە ڕوانگەی پراگماتیکییەوە، وەها دەرکەوت کە تەنیا جەخت کردن لەسەر سەرمایە شوناسییەکان ناتوانێت ببێتە جێگری پاڵپشتی دامەزراوەیی. سیاسەتگەلی زمانی کاتێک بەسوود دەبێت کە ڕوانگەیەکی چەند ئاستی بگرنەبەر، کە بریتی بێت لە فێرکاریی زمانی دایکی، بەهێزکردنی ئامادەیی لە میدیاکان، پاڵپشتی لە بەرهەمە فەرهەنگییەکان و پێکهێنانی کەشوهەوایەکی ڕەوا بۆ نیشاندانەوەی هێمایی زمانە کەمینەکان. وەها سیاسەتگەلێک دەتوانێت کەلێنی نێوان ژینمەندی چاوەکی و زەینی نزم بکاتەوە و بەردەوامی و درێژخایەنی زمانیی گەرەنتی بکات.

لە کۆتاییدا، ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەوە نیشان دەدات کە زمانە بە کەمینە کراوەکان، وەکوو زاری کوردی سۆرانی، تەنیا ئامێری پێوەندی نین، بەڵکوو هەڵگری بیرەوەری کۆمەڵایەتی، شوناس و خۆڕاگری فەرهەنگین. ئاوڕدانەوە لە هەڵسوکەوتی نێوان پێکهاتەگەلی هێزی زمانی و میکانیزمگەلی شوناسسازی کۆمەڵایەتی، دەتوانێت ڕێگەیەکی نوێ بکاتەوە بۆ لێکۆڵینەوەکانی داهاتوو لەبارەی بەردەوامیەتی زمانە مەترسی لەسەرەکان و داڕشتنی سیاسەتگەلی ڕاستبینانە لە بواری فرەچەشنی زمانیدا.

**پەراوێز:**

(*) ماستەری زمانە کۆنەکان، لە زانکۆی عەلامە تەباتەبایی تاران و ماستەری زمانناسی گشتی لە زانکۆی کوردستان بە دەست هێناوە.
Email: iraj88.ahmadi@gmail.com

1 -endangered languages
2 -language vitality
3 -intergeneration transmission
4 -ethnolinguistic vitality theory (EVT)
5 -demography
6 -status
7 -institutional support
8 -objective
9 -subjective
10 -social identity theory (SIT)
11 -social identity
12 -linguistic other
13 -linguistic group
14 -language decline/language loss
15 -objective vitality
16 -subjective vitality
17 -underlying force
18 -ingroup
19 -outgroup
20 -multilingual communities

**سەرچاوەکان:**

- Bourhis, R. Y., Giles, H., & Rosenthal, D. (1981). Notes on the construction of a “subjective vitality questionnaire” for ethnolinguistic groups. Journal of Multilingual and Multicultural Development, 2(2), 145–155.

- Edwards, J. (2009). Language and identity: An introduction. Cambridge University Press.

-Fishman, J. A. (1991). Reversing language shift: Theoretical and empirical

and perceptions of Kurdistan. Routledge.
- Sheyholislami, J. (2008). Language and nationalism among the Kurds. In K. Mezran & S. Varisco (Eds.), The Kurds in the Middle East: Enduring problems and new dynamics (pp. 27–47). Istituto per gli Studi di Politica Internazionale.
- Tajfel, H., & Turner, J. C. (1979). An integrative theory of intergroup conflict. In W. G. Austin & S. Worchel (Eds.), The social psychology of intergroup relations (pp. 33–47). Brooks/Cole.
- United Nations Educational, Scientific and Cultural Organization (UNESCO). (2013). Atlas of the world's languages in danger (Online ed.). UNESCO.
- Vali, A. (1998). The Kurds and their "Others": Fragmented identity and fragmented politics. Comparative Studies of South Asia, Africa and the Middle East, 18(2), 82–95.
- Vali, A. (2003). Essays on the origins of Kurdish nationalism. Mazda Publishers.
- van Bruinessen, M. (2000a). Transnational aspects of the Kurdish question. Working Paper, European University Institute.
- Windfuhr, G. L. (1989). Kurdish. In R. Schmitt (Ed.), Compendium linguarum Iranicarum (pp. 475–522). Dr. Ludwig Reichert Verlag.

* ئـەم پانێڵـە لـە ئێـوارەی ڕۆژی یەکـەم، چوارشـەممە، ڕێکەوتـی ٢٠٢٥/١٢/١٧، لـە سـێیەمین فیسـتیڤاڵی ڕامـان-دا پێشـکەش کـرا.

(ڕامان)

foundations of assistance to threatened languages. Multilingual Matters.
- Giles, H., Bourhis, R. Y., & Taylor, D. M. (1977). Towards a theory of language in ethnic group relations. In H. Giles (Ed.), Language, ethnicity and intergroup relations (pp. 307–348). Academic Press.
- Haig, G., & Matras, Y. (2002). Kurdish linguistics: A brief overview. Sprachtypologie und Universalienforschung, 55(1), 5–17.
- Harwood, J., Giles, H., & Bourhis, R. Y. (1994). The social psychology of language: Ethnolinguistic vitality. In S. McConnell-Ginet, R. Borker, & N. Furman (Eds.), Gender, language, and culture (pp. 347–372). Bergin & Garvey.
- Hasanpour, A. (1991). Nationalism and language in Kurdistan, 1918–1985. Mellen Research University Press.
- Hasanpour, A. (1992). Language and national identity in Kurdistan, 1918–1985. In J. McDowall (Ed.), The Kurds: A contemporary overview (pp. 57–75). Routledge.
- Kreyenbroek, P. G., & Allison, C. (Eds.). (1996). Kurdish culture and identity. Zed Books.
- Landry, R., & Allard, R. (1992). The effects of language attitudes and language use on intergroup relations: A Canadian perspective. Canadian Journal of Behavioral Science / Revue canadienne des sciences du comportement, 24(3), 31–48.
- O'Shea, M. T. (2004). Trapped between the map and reality: Geography